## زمانەوانی جوگرافی

زانستێکی نوێیە نیوسەدە لەسەرهەڵدانی ئەم زانستە وەکو لقێکی زمانەوانی تێپەڕنابێت،بەلاّم پەیوەندییەکی پتەوی بە زانستی زمان هەیە بە پێی ئەم زانستە سنووری زمانەکان لەسەر ڕووبەری جوگرافی پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵە زانستی تر هەیە وەکو کۆمەڵناسی و دەروون ناسی هەورووەها پەیوەندی تەواوی لەگەل زانستی

جوگرافی هەیە.

ئەم پەیوەندیەش بۆتە هۆی ئەوەی کە زمانەوان سوودێکی باش لە زانستی جوگرافی وەربگرێت بەتایبەتی لە جۆرو شێوەی ئەو ڕێگایانەی لە جوگرافیادا هەیە.ئەم نەخشانەش جیاوازیەکی ئەو تۆی لەگەڵ نەخشەی جوگرافیدا نیە تەنیا ئەوە نەبێت لەم نەخشانەدا سنوری جوگرافی دیاردە زمانیەکانی تیادا تۆمار دەکرێت ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە زیاتر خوێنەر یان توێژەر ئاشنای ئەم جیاوازیانە بێ کە لەدەنگەکان یان ووشەکانی زماندا هەیە. وەك زانستێك ئەوەیە کەبایەخ بەو گۆڕانکاریانە دەدات کە لە زمانێك دا ڕوو دەدات لەهەموو ئەو هەرێمانەی یان ناوچانەی کەبەم زمانە دەدوێت

هەروەها دەتوانین زمان زارەکان یاخود شێوازی قسەکردنەکان پۆل پۆل بکەین بە پێی هۆکاری کۆمەلاّیەتی و تەمەن و ڕەگەز و پیشە و لایەنی پەروەردەییەکەی...هتد.

1- هۆکاری کۆمەلایەتی: هەرچەندە ئەو کەسە بواری پەیوەندییەی کە تاکەکەسەکە هەیەتی فراوان بێت ،فەرهەنگی ووشەکانی فراوانتر دەبێت هەروەها دەربڕینەکانی هەمە جۆردەبێت بە پێچەوانەوە کە ئەگەر هات و ئەو کەسە گۆشەگیربێت ،دەبینین بازنەی پەیوەندییەکان زۆر سنووردار دەبێت و وەرگرتنی زمانیش کەم دەبێت هەروەها فەرهەنگی زمانی و هەمەجۆری دەربڕینی کەمتر دەبێت.

2-تەمەن :زمان بەپێی تەمەنی قســەکەر دەگۆڕێت هۆی گۆڕانەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئـەوەی کـەزمـان دیـاردەیـەکی کۆمـەلأیـەتیـە و بـەفێربوون لـەنـەوەیـەك بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە .شـــتێکی دیار و ئاشـــکرایە کە منالٚ وەك گەنج قســـەناکات گەنجیش وەك هەرەپیرەکان نادوێن و بۆشـــاییەکی زمان لەنێوان نەوەکاندا هەیە ،جگە لەمەش شێوازی قسەکردن لەگەورە بۆ بچووك یا لە بچووك بۆ گەورە دەگۆڕدرێت،بەتایبەتی لە هەڵبژاردنی ووشەدا.

3-پەروەردە: زۆرجار لەکاتی قســـەکردندا هەســـت دەکرێت کە قســـەکەرەکە خوێندەوارە یاخود نەخوێندەوارە، لە لێکۆلینەوەی هەندێ زار وا دەرکەوتووە جیاوازی زمان بەزەقی هەســتی پێدەکرێت لە نێوان کەســانێك کە لە قوتابخانەی ســـەرەتایی وازیان لە خوێندن هێناوە لەگەڵ کەســـانێك کە تا ئاســـتێکی بەرز خوێندنیان تەواو کردیە.

4- ڕەگەز: جیاوازی هەیە لەنێوان قســـەکردنی ژن و پیاودا هەندێ ووشـــە هەیە لەفەرهەنگی پیاودا هەیە ژن بەکاریان ناهێنێت بە پێچەوانەوە پیاویش بەهەمان شـێوە،لەئاسـتی دەنگ و ڕسـتەسـازی دا زمانی پیاو لەزمان ژن جیادەکرێتەوەجگە لەمەش شێوازی(أسلوب) قسەکردنیان جیاوازە.

5-پیشـــــه: وەك دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی زۆر كاریگەری هەیە بەســـــەر زمانەكان هەیە بەپێی ئەو پیشــانەی كە لەناو هەر كۆمەڵێك دا هەیە زمان ڕۆڵی ســەرەكی لەگەشەسەندن و پەرەسەندنی خۆیدا دەبینێت بۆیە دەبینین زمانی ئەو كەسانەی كە پیشەیان جیاوازە لەگەڵ یەكتر هەر پیشەیەك لەكۆمەڵێك ووشەیەكی تایبەت بۆ كەسێك لەناو هەمان پیشەدا پێك هاتووە ،كەلەوانەیە تێگەیشتن وەك كەسانی ناو ناهاوپیشە زەحمەت بێت.هەندێ جار ئەم گۆڕانە خۆی لە شێوازی قسەكردن و هەندێ جاری تریش تەنیا لە هێنانەوەی ووشەكاندا بەدیاردەكەوێت بۆیە پیشە جیاوازی لەستایل و یان لە شێوازی قسەكردندا دروست دەكات.